# چاوپێکەوتنێك لەگەڵ هونەرمەند

# کارزان قەرەداخی خاوەنی یەکەم سی دی ی

# ( ریمیکسی کوردی )

سازدانی : شوان خەفاف – ماستەر لە راگەیاندن , رۆژنامەوانی ئازاد




تێبینی : رۆژی نەورۆزی 2004 لە کەناڵی کوردستان تی ڤی یەوە گوێم لە سروودی نەتەوەیی کورد (جەژنە جەژنی کوردستانە جەژنی نەورۆزە ) بوو بە دەنگی هونەرمەندی نەمر مامۆستا رەفیق چالاك بە موزیکێکی زۆر هونەری و مۆدێرن و خۆش و سەرنجڕاکێشەوە , ئەوە یەکەمجار بوو کە ئەو سروودە بەرزە بەو موزیك و شێوازە نوێیەوە ببیستم, پاش پرسیارکردن لە چەند دۆست و ناسیاوێکی هونەردۆست , ئاگادار کرام کە ئەو سروودە لەلایەن هونەرمەند کاك کارزان قەرەداخی یەوە ریمیکس کراوە و تازەکراوەتەوە. ئەوەش سەرنجی راکێشام کە کوردستان تی ڤی بەبێ ئەوەی ناوی خاوەن و

ئامادەکاری ئەو کارە جوانە هونەرییە نوێیە بهێنێت , چەند جارێك لە نەورۆزدا لێیان دەدا و پەخشیان دەکرد!؟ , هەربۆیە بڕیارم دا کاك کارزان ببینم و لەسەر خواستی دۆستانە و برایانە دیدار و چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا بکەم کە خۆشبەختانە ئەوە بە هەوڵی هەردوو لامان بەئاسانی بەئەنجام درا .
ئێستا فەرموون لەگەڵ چاوپێکەوتنەکە لەتەك هونەرمەندی دەستڕەنگین کاك کارزان قەرەداخی دا :

پ1) موزیکی ریمیکس ئێستا برەوی سەندووە و بووەتە هونەر و شێوازێکی مۆدێرن , ئایا ئەم کارە هونەرییەی کە تۆ ئەنجامت داوە لەژێر کاریگەریی ڕیمیکسی ئەوروپیدایە کە گۆرانییەکی کۆن موزیکی پێشکەوتوو و نوێباوی بۆ دادەنێنن و بەم شێوەیە ڕیمیکسی دەکەن , ئایا ئەم ڕیمیکسەی تۆش هەروەکوو ئەو ڕیمیکسانەی تر نییە؟
و) مەبەستی سەرەکیی من لەم کارەدا ژیاندنەوە و پاراستنی ئەو ئاواز و گۆرانییە رەسەنە میللییانەی ئەو گورانیبێژە کۆن و رەسەنانەی کوردە کە بە شێوازێکی تازەبابەت و سەردەمییانە نوێیان بکەمەوە و لەهەمان کاتیشدا ئاشنایان بکەمەوە بە گوێی ئەم نەوە نوێیەماندا, کە بەداخەوە لە رابردوودا بەهۆی دواکەوتوویی ئامێرەکان و نەبوونی تۆمارگەی پێشکەوتوو و هەروەها بارودۆخی ناهەمواری نەتەوەکەمانەوە وەکو پێویست گرنگی و بایەخیان پێنەدراوە و ئەو ئاواز و گۆرانییە بەرز و خۆشانە بە شێوەیەکی ڕێکوپێك بۆیان ئامادە و تۆمار نەکراوە کە شایستەی خۆیان بێت , هەربۆیە نەوەی نوێی ئەمڕۆ زۆر ئارەزوویان ناکەن و گوێیان لێناگرن , ئەمەش مەترسیی ئەوەی لێدەکرێت کە لەداهاتوودا تەواو فەرامۆشبکرێن و لەبیربچنەوە کە بێگومان ئەمە زیانێکی گەورەی نەتەوەیی و هونەری دەبێت بۆ هەموومان.

پ2) کەواتە ئەم کارەی تۆ هەر بەتەنها کارێکی هونەری نییە , بەڵکوو کارێکی نەتەوەییشە ؟
و ) بەڵێ ئەو گۆرانیبێژانەی کە هەڵمبژاردوون هەموویان هونەرمەندی هەڵکەوتوو و نموونەی گۆرانیبێژی میللی و ڕەسەنی کوردەوارین . بۆنموونە:

– مامۆستا حەسەن زیرەکی نەمر کە نموونەی گۆرانیبێژی هەموو کورد و کوردستانە بێجیاوازی , چونگە مامۆستا زیرەك خۆی لە دوو بەشی کوردستاندا ژیاوە و دەتوانین بڵێین مامۆستا زیرەك گۆرانیبێژی نەوەی کۆن و نویێ کوردە کە بە هونەر و ئاواز و دەنگە خۆش و سەرسوڕهێنەرەکەی توانیویەتی وەك زۆر هونەرمەندی دیکە پێوەندییەکی هونەری و نەتەوەیی لەنێو ئەم دوو بەشەی کوردستاندا دروست بکات و ئەو پێوەندی و تێکەڵییە هونەری و نەتەوەییە هەتا ئەمڕۆش هەر پتەو و بەردەوامە.

– مامۆستا ڕەفیق چالاکی هەڵکەوتوو و نەمر زۆربەی ئاواز و گۆرانییەکانی نەتەوەییانەیە و بە دەنگە زوڵاڵەکەی خۆی جۆشوخرۆشێکی زۆری بەو ئاواز و هۆنراوانە داوە. ئەو سروودی ( جەژنە جەژنی کوردستانە جەژنی نەورۆزە ) کە هۆنراوەی هۆزانڤانی کورد مامۆستا (ع.ع.شەونم) ە و مامۆستا چالاك بە دەنگە دلێرەکەی خۆی ئەو هۆنراوە بەرزەی بەشێوەی سروودی نەتەوەیی و نیشتمانی تۆمار کردووە کە بەداخەوە ئەو سروودە بەرزە بێ موزیك تۆمارکرابوو و هەربۆیە پێم باش بوو کە بە موزیکی نوێوە ئەو سروودە بەرزە نوێ بکەمەوە و زیاتر بە نەوەی نوێ ئاشنای بکەم .

– مامۆستا ئەحمەد شەماڵی نەمر کە گۆرانیبێژێکی میللی و هەژار و چەوساوەی کوردەوارییە و کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و کاتی خۆی بەهۆی دەستکورتی و هەلومەجی نالەباری ئەو بەشەی کوردستانەوە هاتوونەتە شاری سلێمانی . بەڕاستی هونەرمەند ئەحمەد شەماڵ نموونەی گۆرانیبێژی هەژاران و چینی چەوساوەکانی کوردستانە کە هەتا ئێستا چەند گۆرانییەکیم نوێکردووەتەوە و بە پێویستم زانی ئەو گۆرانیبێژە ڕەسەنە میللییە زیاتر بە نەوە گەنجەکانی ئەمڕۆی کوردستان بناسێنمەوە.

– مامۆستا عەلی مەردانی نەمریش کە بەڕاستی مامۆستای مەقاماتە و خاوەنی فێرگەیەکی تایبەت بە خۆیەتی و لە خزمەتکردنی هونەری کوردیدا جێدەستی زۆر دیارە و دەتوانین بڵێین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا یەکێکە لە مامۆستا هەڵکەوتووەکانی مەقامات کە مایەی شانازییە بۆ میللەتەکەمان. مامۆستا مەردان گۆرانیبێژی شاری کەرکووکی دڵی کوردستانە و ئاواز و دەنگ و گۆرانییەکانی ئەو هونەرمەندە نەمرەی کورد دەمانبەستێتەوە بە مێژووی شاری دێرینی کورستان , کەرکووکەوە.

پ3) ئایا ئەم کارەی تۆ بۆ دەوڵەمەندکردنی گەنجینەی هونەری کوردییە یان هەر سی دی یەکە وەکوو سی دی یە هونەرییەکانی تری ئەم چەند ساڵانەی ڕابردووە ! ؟

و) ئەوەی من هەوڵی بۆدەدەم دروستکردنی پردێکە لەنێوان نەوەی ئەمڕۆ و گۆرانیبێژە ڕەسەنەکانمان کە وورده وورده هەندێکیان خەریکە لە بیر دەچنەوە.

پ4) ئایا ئەم کارەی ئێوە کردووتانە , هەرکەسێك بتوانێت بەباشی کۆمپیوتەر بەکاربهێنێت , دەتوانێت کارێکی لەم چەشنە ئەنجام بدات ؟

و) لەراستیدا کارەکە هێندە ئاسان نییە و ئەو پرۆگرامە کۆمپیوتەرییە موزیکییانەی بەکاریان دەهێنم لە نوێکردنەوەی ئەو گۆرانییانەدا ئاسان نین و شارەزایی و لە هەمان کاتدا ماندووبوون و کاتێکی زۆر زۆریشی دەوێت , چونکە ووردەکاری و سەرنجدانی زۆر ووردی دەوێت , بۆنموونە ئەو گۆرانییە کۆنانە زۆربەیان بەهۆی کۆنبوونیانەوە چۆنیتییەکەیان خراپ بووە و پێویستیان بە پاککردنەوە هەیە. جگە لەمەش زۆربەی ئەو گۆرانیانە بەبێ موزیك تۆمارکراون , کە من موزیکیان بۆ دادەنێمەوە دەبێت لەسەرەتادا بیانهێنمەوە سەر (ریتم) چونکە هەندێکیان لەکاتی تۆمارکردندا هیچ ئامێریکی موزیکییان لەگەڵدا نەبووە.

پ5) بۆ بەرهەمهێنانی ئەو سی دی یە چەند موزیکژەن بەشدارییان تێدا کردووە؟

و) لەڕاستیدا هەر خۆم بە تەنها ئەو سی دی یەم تۆمار کردووە و هەموو ئامێرەکانیش هەر خۆم لێمداون .

پ6) ناوی ئەو ئامێرانەتان نەووت کە خۆت دەتوانیت بەکاریان بهێنیت, دەکرێت ناویان بهێنیت ؟

و) من لە منداڵییەوە لە تیپی موزیکی منداڵانی بێخوددا بە ئەکۆردیۆن دەستم پێکردوە و ئێستاش ئامێرەکانی سایزەر و سەنتوور و نەی و دەف و زەرب لێدەدەم و لە کاتی ریمیکس کردنی ئەو گۆرانییانەدا بەکاریان دەهێنم.

پ7) کاك کارزان , دەتوانیت ئەگەر بە کورتیش بێت کەمێك باسی رابردووی هونەریی خۆتمان بۆ بکەیت؟

و) لە ساڵی 1978 لە تەمەنیکی زۆر منداڵیدا لە تیپی منداڵانی بێخودەوە دەستم پێکردووە کە شایانی باسە مامۆستای بەرێز و خۆشەویستم مامۆستا نامدار قەرەداخی دروستکار و سەرپەرشتکاری ئەو تیپە بوو کە بە رەنج و ماندووبوونێکی زۆر , زیاتر لە سەد خوێندکاری لەو تیپەدا پێگەیاندووە. هەر ئەم تیپی منداڵانی بێخودە بوو کە لە میهرەجانی پەروەردەی منداڵانی هەموو عێراقدا لە ساڵی 1979 دا بە پێشکەشکردنی (ئۆپەرێتی رووبار ) یەکەمی عێراقمان بەدەست هێنا. پاشان لە ساڵی 1980 دا توانیمان لەگەڵ هونەرمەندی بەرێز کاك ناسری رەزازی , بە سەرپەرشتی مامۆستا نامدار قەرەداخی, شریتی سروودەکانی کاك ناسر بە نهێنی لە پۆلێکی قوتابخانەی بێخوددا تۆمار بکەین و بڵاویبکەینەوە.

پاشان بووم بە ئەندامی تیپی موزیکی مەولەوی و لەزۆربەی چالاکییە هونەرییەکانی ئەو تیپەدا تا ساڵی 1986 بەشدار بووم , بۆ نموونە لە گۆرانییەکانی هونەرمەندان کاک محەمەدی نێرگز و کاک سەلاّح مەجید و کاک ئەحمەد شووشەچی و کاک ئیبراهیم خەیات دا بە ئامێری ئۆکۆردیۆن بەشداریم کردووە کە هەندیك لەو گۆرانیانە لە تەلەفیزیۆنی کەرکووکدا تۆمار کراون. لە ساڵی 1989 وە لە هۆڵەندە دەژیم و ئێستا ئەندامی تیپی موزیکی ئاوارە و دڵئارامم لە هۆڵەندە.

پ8) پێمخۆشە وەکوو ئاگاداری و وەکوو پرسیاریش ئەو راستییەتان پێبڵێم , ئەم کارە جوانە هونەرییەی تۆ ئەنجامت داوە من زۆر بەووردی و سەرنجەوە چەند جارێك گوێم لێڕاگرتووە , دڵنیام کە بەرهەمی شارەزایی و ماندووبوونێکی زۆرە و بەرهەمێك نییە کە وەکوو ژمارەیەك خرابێتە سەر ژمارەکانی دیگە , ئەو کارە هونەرییەی ئێوە بەڕاستی دەمەوێت پێتان بڵێم کە بەرهەمێکی هەڵکەوتوو بیوێنەیە و ئەوە یەکمجارە لە هونەری نوێی کوردیدا من گوێم لەو چەشنە موزیك و بەرهەمە هونەرییە ببێت , ئەوەی مەبەستمە بیلێم رووبەڕوو پەسن کردن و ئافەرینکردنی تۆ نییە , کارەکەتان خۆی زۆر هونەرییە و پەسەند و شایستەیە و پێویستی بە وەسف نییە , بەلاّم جێگای داخە کە وەکوو پێویست لەلایەن ئەو کەناڵە ئاسمانییە کوردییانەی کوردستان و هەندەرانیش و ئەو دامودەزگا هونەرییانەی خۆمانەوە بایەخ و گرنگیی پێنەدراوە , مەبەستم ئەوەیە وەکوو پێویست و ئەوەی کە دەبووایە بکرایە بۆ ناساندن و رێزگرتن لەو کارەی ئێوە کە ئەو گۆرانیبێژە رەسەنانەتان بەو شێوە هونەرییە تازەکردۆتەوە, دەبووایە زۆر بایەخ و گرنگییان پێبدایە.

با لێرەدا ئەوەش بلێم کە لە ئەورووپا یاسایەك هەیە بۆ بلاّوکردنەوە و بلاّوبوونەوەی بەرهەمی هەر هونەرمەندێك کە هەم خۆی کەڵك وەربگرێت و هەم ئەو دامودەزگا بلاّوکەرەوانەش سوودمەند بن , زۆر بەداخەوە لە کوردستانی خۆماندا ئەگەرچی ئێستا ئازادکراوە و خۆمان خاوەن دەسەلاّت و بڕیاریشین کەچی هەتا ئێستا بەئاسانی بەرهەمی رەنجی هونەرمەندان و گۆرانیبێژە دڵسۆزەکان کۆپی دەکرێتەوە و بۆ بەرژەوەندیی تایبەتی, بەبێ ئاگاداری و پرسوڕا بە خاوەنەکانیان بلاّویان دەکەنەوە و دەیانفرۆشن, هەتا ئێستا هیچ یاسایەك نییە کە ماف و ڕەنج و ماندووبوونی هونەرییانەی هونەرمەندان بپارێزێت و وەکوو رابردوو رەنجبەخەسار نەبن ! ! ؟.

و) بەڵی راستە , بەداخەوە کە لە کوردستان زۆر کەم گرنگی و بایەخ بەم خاڵە دراوە. هیوادارم دەسەلاّتدارییە کوردییەکانی خۆمان لەمەودوا بتوانن زیاتر سنوور بۆ ئەو بێسەروبەریی کۆپی کردنەی بەرهەمی هونەرمەندان دابنێنن و ئەو ماف پێشێلکردنەی هونەرمەندانی ناوە و دەرەوەی کوردستان کۆتایی پێبهێنن و لەمەودوا مافی هونەرمەندان نەخورێت و بەرهەمی ڕەنج و ماندووبوونی هونەرییان کەسان و لایەنی تر بازرگانی پێوە نەکەن. چونکە گەر بمانەوێ هونەری کوردیمان پێشبکەوێت و بێتە

نێو ڕیزی میللەتانی پێشکەوتووەوە , دەبێت گرنگی و بایەخی زۆر بە هونەر و ماف و بەرهەمی هونەریی هونەرمەندانی کورد بدرێت و مافیان پارێزراو بێت , تا لەداهاتوودا بتوانن بەرهەمی باشتر و پێشکەوتووتر پێشکەشی گەنجینەی فەرهەنگ و هونەری کوردی بکەن.

پ9) چۆن دەستتان کرد بەم پرۆژەیە وچۆن بیرتان لە کارێکی وا تازە کردەوە و چی پاڵپێوەنەری سەرەکیتان بوو بۆ ئەم سی دی ریمیکسە؟

و) مامۆستاکانی هونەری کوردی ئەو کەڵە هەنەرمەندانە بوون کە باسمان کردن , بەڵام بەداخەوە ئەو گۆرانیبێژە نەمرانە بۆ نەوەی نوێ , بەهۆی کۆنبوونی شێوازی تۆمارکردن و ئامێرەوە , وەکوو پێویست ئاشنا و ناسراو نین , ئێستا نەوەیەکمان هەیە کە ئارەزوویان لەو جۆرە موزیك و شێوازە کۆنبووە نییە و بەهۆی ئەمەوە ئەو گۆرانیبێژە هەڵکەوتووانە خەریکە فەرامۆش دەکرێن , هەربۆیە ئەم نەوە نوێیەی کورد ئەمڕۆ هەندێکیان زۆرتر روو لە گۆرانی عەرەبی و تورکی و فارسی و ئەوروپی دەکەن , من هەوڵم داوە لەرێگای تازەکردنەوەی ئەو گۆرانیانەوە چەند گۆرانیبێژێکی رەسەن و نەمرمان بە نەوەی نوێ زیاتر ئاشنا بکەم. هەربۆیە بیرم لەم کارە کردەوە و توانیم لە ماوەیەکی پێویستدا یەکەم بەرهەمی ڕیمیکسی کوردی لە سی دی یەکی گۆرانیبێژە رەسەنەکانی کورد ئامادە بکەم بەناوی (کوردیش ریمیکس)ەوە کە ئێستا لە کوردستان و لە هەندەران بڵاوبۆتەوە.

پ10) ئایا مەبەستتان ئەوەیە کە نەوەی نوێی کورد گوێ لە موزیکی میللەتانی دیکە نەگرن و هەر گوێ لە موزیکی کوردی بگری ؟

و) لەراستیدا مەبەستی من ئەوە نییە. هەموو میللەتانی جیهان هەمیشە لە هەوڵی پاراستن و پێشخستنی فەرهەنگ و هونەری خۆیاندان , ئێمەش وەك کورد خاوەنی فەرهەنگ و هونەری تایبەت بەخۆمانین , بەڵام هەمووومان ئەو راستییە تاڵە دەزانین کە بەهۆی بارودۆخی بندەستەیی کورد و داگیرکراوی و دابەشکراوی کوردستانەوە نەمانتوانیوە وەکوو پێویست خزمەتی فەرهەنگ و هونەری میللیی خۆمان بکەین و شورەیەکی کوردانە بەدەوری هونەری کوردیدا دروست بکەین و ناسنامەی هونەری نەتەوەیی و نیشتمانیی خۆمان بەباشی بپارێزین و لە مەترسیی لەبیرچوونەوە و نەمان رزگاری بکەین. مەسەلەکە زیاتر ئەمەیە و من بۆخۆم زۆر گوێ لە موزیك و گۆرانی میللەتانی دیکەش دەگرم و زۆر چێژیان لێ دەبینم.

پ11) پرۆژەتان هەیە بۆ داهاتوو , ئەگەر هەیە دەتوانن بۆمان باس بکەن ؟
و) بەڵێ ئێستا خەریکی ئامادەکردنی سی دی دووەمم کە چەندگۆرانییەك و چەند پارچە موزیکێکی لەخۆی گرتووە. ئومێدەوارم بتوانم لە داهاتوویەکی نزیکدا بڵاوی بکەمەوە.

پ12) ئایا هەوڵت داوە کلیپ بۆ ئەو گۆرانییانە بکەیت؟
و) بەڵێ هەوڵم داوە کلیپ بۆ ئەو گۆرانییانە بکەم , نیزیکەی ساڵێك دەبێت سەردانێکی (کورد سات)م کرد و کلیپی گورانییەکی هونەرمەند ئەحمەد شەماڵیان بۆ کردم , بەداخیکی زۆرەوە هەتا ئێستا تەواویان نەکردووە و بلاویان نەکردۆتەوە کە بەراستی زۆر جێگەی سەرسوڕمانە کە کلیپی یەك گۆرانی لەماوەی ساڵێکدا ئەنجام نەدرێت! ؟. لەگەڵ ئەوەشدا کە پەیمانی کلیپکردنی سێ گۆرانیان پێدام. من لێرەدا پێمخۆشە ئەوەش بلێم کە لەلایەن منەوە هەموو کەناڵە کوردییەکان بۆیان هەیە کلیپ بۆ ئەو گۆرانییانە بکەن و بە بینەرانیان بناسێنن.

– بۆ گوێگرتن لە نموونەکانی سی دی ( کوردیش ڕیمیکس ) دەتوانن سەردانی ئەم لینکە بکەن:

http://members.chello.nl/k.mustafa/karzan.htm

تێبینی: خوێنەرانی بەڕێز دەتوانن لە ڕێگای ئەم ئیمەیڵەی خوارەوە سەرنج و رەخنە و پێشنیازەکانی خۆیان بنێرن . هەر کەس و لایەنێك گۆرانیی گۆرانیبێژە رەسەنە نەمرەکانی لە لا دەست دەکەوێت کە بەبێ موزیك تۆمار کرابێت , زۆر زۆر سوپاسی دەکەم ئەگەر ئاگادارم بکات تا لە داهاتوودا بتوانم بە موزیکەوە تازەیان بکەمەوە.

k.mustafa@chello.nl

11.08.2004